# ڕۆڵی (پیرەمێرد) لە ڕەوتی پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی ١٩٢٥ - ١٩٥٠

**پ.ی.د.هیوا حەمید شەریف**
زانکۆی کۆیە- فاکەلتی پەروەردە- بەشی مێژوو
Hewa.hameed@koyauniversity.org

**پوختە**

ناسیۆنالیزم یەکێکە لە دیارترین ڕەوتە سیاسییەکانی مێژوو کە کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر یەکلاکردنەوەی چارەنووسی نەتەوەکان هەبووە، بە تایبەتی لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا، ئەم ڕەوتە سەرباری ئەوەی ئامرازێکە بۆ پارێزگار یکردن لە ناسنامە و بوونی نەتەوەکان، فاکتەرێکی گرنگیش بووە لە دامەزراندنی بەشێک لە دەوڵەتە تازەکان. لەم سۆنگەیەی کورد خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی نەبووە ؛ هیچ نەتەوەیەک هێندەی ئەو پێویستی بە بنیادنانی ناسیۆنالیزم نەبووە تاوەکو نەتەوەییانە لە پرسە سیاسیەکەیدا هەنگاو بنێت، بۆ ئەمەش کارکردن لە سەر بنەماکانی نەتەوەبوون ئاڕاستەیەکی دروست بووە لە گەیشتن بەم ئامانجە.

(پیرەمێرد) یەکێکە لە دیارترین کەسایەتی کورد کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هەوڵێکی زۆری دا بۆ هێنانەدی ئەو بنەمایانە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ڕۆڵ و چالاکییەکانی ناوبراو لەم بوارەدا و دەستنیشان کردنی هەنگاوەکانی و ئەو ئالنگارییانەی لەم چوارچێوەیەدا ڕووبەرووی بۆتەوە. توێژینەوەکە بە پشت بەستن بە کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوەکان و خستنەڕوویان و دواتر لە ڕێگای بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری هەوڵیداوە ئاستی کاریگەری هەوڵەکانی (پیرەمێرد) لە سەر تاکەکانی کۆمەڵگا و ئەو گۆڕانکارییانەی لە شێوەی بیرکردنەوەیان دروستی کردووە بخاتەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** ناسیۆنالیزم، ڕۆژنامەگەریی، زمان، کەلتور، نەتەوە، کورد.

**پێشەکی**

بنیادنانی ناسیۆنالیزم کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر پەرەسەندنی پرسە سیاسییەکان هەیە و ڕەهەندێکی گرنگیشە بۆ پاراستن و زیندوو ڕاگرتنی نەتەوە، ئەم پرۆسەیەش بەبێ کارکردن لە سەر ژمارەیەک بواری وەک : زمان ، کەلتور و ڕۆژنامەوانی بە شێوەیەکی دروست لە دایک نابێت و لە وێستگە جیاوازەکانی پرۆسەکە ناتوانێت بە سەرکەوتویی ڕۆڵی خۆی ببینێت. شایانی ئاماژە بۆ کردنە (پیرەمێرد) یەکێکە لە دیارترین ئەو کەسایەتییە کوردییانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کارێکی زۆری لە سەر ئەو بنەمایانە کردووە و هەوڵەکانیشی لەم بوارەدا کەم تا زۆر ڕەنگدانەوەی لە پرۆسەی بنیادنانی ناسیۆنالیزمی کوردیدا هەبووە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی هەنگاوەکانی (پیرەمێرد) لە بنیادنانی ناسیۆنالیزم یاخود بیری نەتەوایەتی لە کۆمەڵگای کوردی، بە تایبەتی کار و چالاکییەکانی لە بوارەکانی ڕۆژنامەگەری و زیندووکردنەوەی کولتور و چەسپاندنی زمانێکی یەکگرتوو.

هەڵبژادنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکانی کوردی ئەوەندەی کار لە سەر ڕۆڵ و چالاکی کارەکتەرە سیاسییەکان کراوە کەمتر ڕۆڵی ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکان خراوەتەڕوو، ئەوە سەرباری ئەوەی بابەتێکی لەم شێوەیە و بەم ناونیشانە پێشووتر بە شێوازێکی زانستییانە کاری لە سەر نەکراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە تیشک خستنە سەر ئەو بنەما سەرەکییانەیە کە ڕۆڵی کاریگەر لە بنیادنانی ناسیۆنالیزم و دروستکردنی بیری نەتەوەیی دەبینن و هەروەها خستنەڕووی ڕۆڵی (پیرەمێرد) و کارکردنیەتی لە سەر ئەو بنەمایانە و هەڵسەنگاندنی ئاستی هەنگاوەکانی و کاریگەرییەکانیەتی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا.

میتۆدی بەکارهێنراو لەم توێژینەوەیە پشت بەستنە بەم زانیارییانەی تایبەتن بە پێکهاتەیی بابەتەکە و بەراورد پێکردنیانە لەگەڵ هەنگاوەکانیی (پیرەمێرد) و هەڵوەستە لە سەرکردنیان و هەڵسەنگاندنیان.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو باس و ئەنجامدا پێکهاتووە، باسی یەکەم کە ناونیشانی : بنەماکانی بنیادنانی ناسیۆنالیزم هەڵگرتووە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئەو بنەمایانەی ڕۆڵی گەورە لەو پرۆسەیە دەبینن. باسی دووەمیش کە بە ناونیشانی : ڕۆڵی (پیرەمێرد) لە بنیادنانی ناسیۆنالیزمی کوردییە، بۆ خستنەڕووی سەرجەم ئەو کار و چالاکییانە تەرخانکراوە کە ناوبراو لە بوارەکانی : ڕۆژنامەگەری و زیندووکردنەوەی کەلتوور و یەکخستنی زمانی کوردی ئەنجامیداوە.

**باسی یەکەم: بنەماکانی بنیادنانی ناسیۆنالیزم.**

ناسیۆنالیزم بە یەکێک لە گرنگترین ڕەوتە سیاسییەکانی مێژوو بە تایبەتی مێژووی نوێ و هاوچەرخ لە قەڵەم دەدرێت، ئەم ڕەوتە لە بنچینەدا دیاردەیەکی مێژوویی، فیکری، سیاسی و کۆمەڵایەتییە، ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیان و مێژووی نەتەوەکان بینیوە و ئامرازێکی کاریگەر بووە بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامە و کەلتوور و بوونی نەتەوەکان، تەنانەت دروستبوونی بەشێکی زۆر لە دەوڵەتان بە تایبەتی لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا پەیوەست بوو بە سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتە فیکری وسیاسییە.

لەگەڵ هەموو ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی ئاماژەی بۆ کرا، تاوەکو ئێستا ناسیۆنالیزم پێناسەیەکی دیارکراوی نییە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لێکدانەوەی جیاواز لەلایەن نووسەر و توێژەرانەوە بۆ زاراوەکە کراوە و وەک دیاردەیەکی ئاڵۆز خراوەتەڕوو، ئەمەش لەم سۆنگەیەی ناسیۆنالیزم یاخود پرۆسەی بە نەتەوەبوون لە ناو تەواوی گرووپە مرۆییەکان بە هەمان ڕێچکە تێنەپەڕیوە و نەبۆتە پرۆسەیەکی گشتگیر، کە تێدا هەموو نەتەوەکان بە هەمان میکانیزم تێپەڕن و ببن بە نەتەوە، بۆیە پێناسەیەکی تایبەت و گشتگیر بە ناسیۆنالیزم بۆ سەرجەم نەتەوەکان گونجاو نابێت (عەلی، ٢٠٠٤، ٨٧-٨٨) .

هەر چۆنێک بێت پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت بەر لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، نەتەوە هەڵگری ناوەڕۆکێکی سیاسی دیارکراو نەبووە، تەنانەت لە ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا خاوەنی ئامانجێکی دیارکراو

نەتەوەیی نەبووە( أحمد، ١٩٧٠، ٤١)، بۆیە پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو کە ناسیۆنالیزمی هەر نەتەوەیەک لە ژێر کاریگەری ژمارەیەک فاکتەری جیاواز لە نەتەوەیەکی دیکە سەریهەڵداوەو گەشەی کردووە، لەبەر هەندێ ناسیۆنالیزمی هەر نەتەوەیەک دەبێتە سەرچاوەی فیکری بۆ گوزارشتکردن لە نەتەوەکەی خۆی، بە جۆرێک بەرگێکی دیکە دەبێت و بە ڕەنگێکی جیاوازتر لە ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی دیکە دەردەکەوێت(شیفر، ١٩٦٦، ٦٦). بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چەند پرەنسیپێکی هاوبەش بۆ ئەو پرۆسەیە هەیە کە سەرجەم نەتەوەکان دەگرێتەوە، وەک: ویستی هاوبەش و زمانی یەکگرتوو و زیندووکردنەوەی کەلتور و کارکردن لەسەر ڕەگەز و مێژوودا .

وەک ئاماژەی بۆ کرا بنەماکانی دروستبوون و بنیادنانی ناسیۆنالیزم هەمەجۆر و جیاوازن، بەشێکیان پەیوەستە بەو گۆڕانکارییانەی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوری و سیاسی ڕوودەدات و کۆمەڵگا پەرتەوازەکان بەرەو نەتەوەبوون ئاراستە دەکات، بەشێکی دیکەی بنەماکان خۆی لەم چالاکییانە دەبینێتەوە کە (تاک) ڕۆڵێکی زیاتری تێدا دەبینێت، وەک: ڕۆژنامەگەریی و زیندووکردنەوەی مێژوو و کارکردن لە سەر زمان و کەلتوری نەتەوە، هەموو ئەمانەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی (نەتەوە) بوونێکی خۆڕسک نییە، بەڵکو پێویستە هەنگاو بە هەنگاو بنیاد بنرێت، ئەوەتا (گێلنەر)[1] کە یەکێکە لە دیارترین نووسەرانی ئەم بوارە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە : ناسیۆنالیزم بەرهەمی نەتەوە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە نەتەوە بەرهەمی ناسیۆنالیزمە(هوبسباوم، ١٩٩٩، ١٧) .

لێرەدا بە پێویست دەزانرێت لە باسی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە کە کارکردنە لە سەر بنەما سەرەکییەکانی بنیادنانی ناسیونالیزم، زیاتر کار لە سەر ئەو بنەمایانە بکرێت کە ڕۆڵی کاریگەریان لە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بینیوە، بە تایبەت ئەو فاکتەرانەی (تاک) ڕۆڵ و چالاکی تێدا هەبووە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەماییەی ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ ڕۆڵی کەسایەتیەکی کورد تەرخانکراوە.

**یەکەم: ڕۆژنامەگەریی و ڕۆڵی لە بنیادنانی ناسیۆنالیزم.**

لێکۆڵەران بە گشتی پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە بۆ چەند گۆڕانکارییەکی گرنگ دەگەڕێننەوە، بۆ ئەمەش بێجگە لە جەختکردنەوەیان لەسەر گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی قۆناغی پیشەسازی و دروسبوونی بازاڕە گەورەکان، دەرکەوتنی چاپەمەنی و دەرکردنی ڕۆژنامە بە یەکێک لە بنەما هەرە گرنگەکانی دروستبوونی ناسیۆنالیزم لە قەڵەم دەدەن، لەم سۆنگەوە و بۆ خستنەڕووی ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی دەرکردنی ڕۆژنامە لە پرۆسەی بنیادنانی ناسیۆنالیزم و دروستبوونی نەتەوە دەیبینێت، هەوڵدەدەین بۆچوونی یەکێک لە نووسەر و لێکۆڵەرە دیارەکانی ئەم بوارە ئاماژە پێبدەین کە (بەندیکت ئەندرسۆن- Benedict Anderson) [٢] ە، ناوبراو لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەی دروستبوونی نەتەوە ئەنجامداوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە : ڕۆژنامە ئامرازێکی گرنگی پەیوەندی کەلتوری و ئەو دۆخە دەرەخسێنێت کە نەتەوە تێدا وەک پێکهاتەیەکی هاوبەش دەردەکەوێت، ڕەخساندنی ئەم دۆخەی لەلایەن (ڕۆژنامە)وە وەک ئاماژەی بۆ کرا لە ڕێگای دروستکردنی (بیرکردنەوەی) نەتەوەییانەیە، هەڵگری ئەم بیرکردنەوەیەش لەلایەن گروپێکەوەیە خۆی لە خێڵ و هۆز و عەشیرەت بە گەورەتر دەزانێت، هەر لەم گۆشەنیگایەوە (ئەندرسۆن) پێیوایە بە بێ بوونی ڕۆژنامە ئەستەمە (بیرکردنەوەی) نەتەوە دروست بێت، چونکە ڕۆژنامە فاکتەرێکی یارمەتیدەر دەبێت بۆ لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی گروپە بچووکەکانی وەک خێڵ و عەشیرەت، لەم سۆنگەوە و بۆ ئەوەی (بیرکردنەوەی)یەکی هاوبەش بێتە کایەوە پێویستی بەبوونی بڵاوکراوەی هاوبەشە کە توانای بەرهەمهێنانی لەم جۆرە بیرکردنەوەی هەیە، کە دەکرێت لەم ڕێگایەوە نەتەوە خۆی وەک گروپێکی سیاسی تایبەت و سەربەخۆ وێنا بکات(أندرسن، ٢٠٠٩، ١٠٣) .

بەمشێوەیە ڕۆڵی گەورەی (ڕۆژنامە) وەک فاکتەرێکی یارمەتیدەر لە قۆناغێک دەست پێدەکات، کە بە قۆناغی پەڕینەوە ناسراوە، کۆمەڵگاکان پێش قۆناغی پەڕینەوە بۆ ناسیۆنالیزم پەیوەندییەکانیان لە دۆخی پەرتەوازەیی - ناوچەیی خولاوەتەوە کە سنوری خێڵ و عەشیرەتی تێپەڕ نەکردووە،

تاکەکانی بە عەقڵیەتێک گۆشکراون بەرژەوەندی خێڵ لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکان دەبینن و سنوورەکەشی بە پیرۆزترین سنوور دەزانن و ناسنامەی خێڵ گرنگترین ناسنامەیە لەلایان، بەڵام ڕۆژنامە وەک ئامرازێکی کاریگەر لەم قۆناغە دەردەکەوێت و ڕۆڵێکی گەورە لە تێکشکاندنی پەیوەندییە خێڵەکی و ناوچەییەکان و گۆڕینی عەقڵیەتی تاکەکان دەبینێت و هەڵدەستێت بە دروستکردنی پەیوەندییەکی تازەی کەلتوری کە نەتەوە وەک پێکهاتەیەکی هاوبەش و لێکچوو پێویستی پێیەتی، ئەمەش لە ڕێگای پێدانی یەک هەواڵ و یەک لێکۆلینەوە و یەک بابەت و مێژوویەکی هاوبەش بە یەک زمان بە تاکەکانی کۆمەڵگا. بەمشێوەیە ڕۆژنامە (بیرکردنەوەی)یەکی هاوبەش لای زۆرینەی تاکەکان دروست دەکات و شوێن بە (بیرکردنەوەی) خێڵ چۆڵ دەکات و بەرژەوەندییەک بە تاکەکان دەناسێنێت نەتەوەییە و زۆر گەورەترە لە بەرژەوەندی خێڵ، بە ناسنامەیەکیشی ئاشنا دەکات ناسنامەی نەتەوەییە و بە سنورێکیش پەیوەستیان دەکات کە زۆر فراوانترە لە سنوری خێڵ(قانیع، ٢٠١٥، ٤٣) .

لە سەر بنچینەی ئەو بۆچوونە تیۆرییانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە چاپەمەنی و ڕۆژنامە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دروستکردنی فانتازیای نەتەوە و لەم ڕێگایەوە هەنگاو بە هەنگاو دروستبوونی نەتەوە ڕوودەدات.

**دووەم: زمان.**

یەکێکی دیکە لەم بنەمایانەی نووسەر و لێکۆڵەران وەک فاکتەرێکی کاریگەر لە پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە ئاماژەیان بۆ کردووە (زمان)ە، ئەم لێکۆڵەرانە پێیانوایە (زمان) سەرچاوەیەکە سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکەی نەتەوە هێزی لێوەردەگرن و بنچینەیەکی گرنگ و کاریگەری کۆکردنەوەی ئەندامانی نەتەوەیە، هەر لە ڕێگای (زمان)ەوە تاک هەست بە بوون و کەسایەتی خۆی دەکات(عەلی، ٢٠٠٤، ٩٠) .

هەر لەم چوارچێوەیەدا و تایبەت بە ڕۆڵی (زمان) لە بنیادنانی نەتەوە، لایەنگرانی ئەو تیۆرە بۆچوونیان وایە: (زمان)ی یەکگرتوو فاکتەرێکی یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی تێڕوانین و بیرکردنەوەی هاوبەش لە ناو

کۆمەڵگا، ئەمەش هەنگاوێکە بە ئاراستەی پەرەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەیی و کارکردن بۆ بەرژەوەندییەک کە هەمووان خۆیان تێدا دەبینەوە، هەر لە درێژەی بۆچوونەکانیان جەختیان لە سەر ئەوە کردۆتەوە (زمان) هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن لە ڕووداوەکانی ڕابردوو بە سەرکەوتن و شکستەکانەوە، بێجگە لەمانە هەموو ئەو کەسانەی لە کۆمەڵێکدا زمانێکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە وەکو کەسانی بێگانە سەیری خەڵکانی دەرەوەی زمانی خۆیان دەکەن(أحمد، ١٩٧٠، ٤٥) . لەڕاستیدا ئەم تیۆرە زیاتر لەلایەن بیرمەندانی ئەڵمانی برەوی پێدراوە، بۆ نمونە(فیختە ١٧٦٢- ١٨١٤) پێیوایە: زمان پێکهێنەری مرۆڤەکانە نەوەک مروڤ دروستکەری زمان بێت(طرابیشی، ١٩٨٢، ١٠٩)، وەک دەردەکەوێت ئەو تیۆرە کە ئەڵمانەکان زۆر جەختیان لەسەر کردۆتەوە و بۆچوونیان وابوو زمان تاکە بنچینەی دروستبوونی نەتەوەییە ئامانجی سیاسی لە دواوە بووە، چونکە چاویان بڕیبووە ئەو ئەڵمان زمانانەی لە نەمسا و لۆکسمبۆرگ و سویسرا دەژیان(ظاهر، ١٩٨٨، ٢١٠) .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، هەرچەندە (زمان) یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی پێکهێنانی نەتەوە و فاکتەرێکی سەرەکی دروستبوونیەتی، بەڵام وەک تاکە فاکتەر ئەژمار ناکرێت و بەڵکو لە پاڵیدا چەندان بنەمای دیکەی گرنگ بوونیان هەیە.

**سێیەم: کارکردن لە سەر کولتور.**

کولتور یەکێکی دیکەیە لەو بنەما و فاکتەرانەی بۆ پەڕینەوە بەرەو ناسیۆنالیزم بە تایبەتی کارکردن لە سەر دروستکردنی کولتوری یەکگرتوو کە ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی هەیە، مەبەست لە کولتوری یەکگرتوو ئەو کەلتورەیە کە هەموو نەتەوە لە چوارچێوەیدا کۆدەبێتەوە، بۆ پەرەسەندنی ئەم کولتورە پێویستە کار لە سەر ئەو پرسانە بکرێت کە سەرجەم چین و توێژەکان دەگرێتەوە، بۆ نمونە: کارکردن لە سەر مێژوو و بۆنە تایبەتەکان و خورەوشت و بوارە جیاکانی ڕۆشنبیری، بەمشێوەیە لە دۆخی پەڕینەوە بەرەو ناسیۆنالیزم کارکردن لە سەر کەلتور پێویستی بە دوو ئاراستەی

جیاواز هەیە، لە یەکەمیاندا: زەقکردنەوەی جیاوازییەکانە لەگەڵ ئەوانی دیکە، لە دووەمیشیاندا: پاراستنی یەکێتی و یەکگرتوویی نەتەوەیە لەناو خۆیدا، ئەمەش زیاتر لە ڕێگای خستنەڕووی مێژووی دێرینی نەتەوەکەی، بە شێوەیەک کە هێز و قوربانیەکانی تێدا نیشان بدرێت(أندرسن، ٢٠٠٩، ١١٨) .

لەم گۆشەنیگایەوە بۆچوونێک هەیە پێیوایە ڕۆڵی مێژوو لە پێکهێنانی نەتەوەدا ڕوونە و کێشەیەکی لە سەر نییە، ئەمەش بەو پێیەی نەتەوە بوونێکی دێرینە و ڕیشەی لە قووڵایی ناخی تاکەکانیدایە، بۆیە ئەرکی سەر شانی ناسیۆنالیستەکانە بە مەبەستی زیندووکردنەوەی مێژوو ڕابردووی نەتەوە بە بیر تاکەکانی بێنێتەوە(عەلی، ٢٠٠٤، ١٢٣) .

**- باسی دووەم: ڕۆڵی پیرەمێرد لە بنیادنانی ناسیۆنالیزمی کوردی.**

**یەکەم: کورتەیەک لە ژیانی پیرەمێرد.**

تۆفیق بەگی کوڕی مەحمود ئاغایە لە ساڵی ١٨٦٧ لە گەڕەکی گوێژە لە شاری سلێمانی لە دایک بووە(سجادی، ١٩٥٢، ٤١٨ ؛ کەریم، ٢٠١٥، ٧)، لە تەمەنی(١٦) ساڵییەوە کەوتۆتە ناو کاروباری فەرمانگە حکومییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و لە چەندان ناوچە بە پلەی جیاواز کاری فەرمانبەریی کردووە، تاوەکو دواجار لە ساڵی ١٨٩٥ بە پلەی یاریدەدەری دادوەری گشتی بۆ کەربەلا گواستراوەتەوە، بەڵام بڕیار دەدات بۆ ئەم کارە نەچێت و بە یەکجاری دەست لە کاروباری دەوڵەت هەڵدەگرێت( کەریم، ٢٠١٥، ١٠-١١ ؛ نارنجلەیی، ٢٠٢١، ٨) . وەک دەردەکەوێت سەرقاڵبوونی ناوبراو بە کارکردن بە چەندان پلەی جیاواز لە دامودەزگاکانی حکومەت ڕەنگدانەوەی ئەرێنی بۆ سەر ئاستی خوێندەواری و هۆشیارییەکەی هەبوو بێت کە خۆی تەنیا لە حوجرە و مزگەوتەکان خوێندبووی(ژیان،٢٠٠٢،٣١).

شایانی ئاماژە بۆ کردنە ساڵی ١٨٩٨ بە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ لە ژیانی ڕۆشنبیری پیرەمێرد لە قەڵەم دەدرێت، چونکە لەم ساڵە بە دواوە گۆڕانکارییەکی گەورە لە ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیری و فیکری ناوبراو ڕوودەدات، ئەمەش دوای ئەوەی هاوڕێ لەگەڵ(شێخ سەعیدی حەفید)[٣] سەردانی ئەستانبۆڵی پایتەختی ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانیان کردووە و

بڕیـــاری مـــانەوەی لەم شـــارە دەدات و نـــزیکەی(٢٧)[٤] ســـاڵ تێـــدا دەمێنێتەوە(ژیان، ٢٠٠٢، ٣١) .

لەڕاستیدا چوونی پیرەمێرد بۆ ئەستانبۆڵ و مانەوەی و ئاشنابوونی بە دونیای ڕۆشنبیریی ئەم شارە کاریگەرییەکی گەورەی لایەنی ڕۆشنبیری و مەعریفی بوو لە سەر کەسایەتی ناوبراودا، چونکە لەم ماوەیەدا بێجگە لە تەواوکردنی کۆلیژی(ماف- حقوق)و خەریکبوونی بە کاری پارێزەری، زۆر بە ڕژدی تێکەڵی دونیای سیاسەت و ڕۆژنامەگەریی و کارگێری بووە، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٠٨ دەستیکردووە بە کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی و یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی(جەمعیەتـی تەعـاون و تەرەقـی کـورد)[٥] کە بە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کوردی لەسەر ئاستی کوردستان بە گشتی لە قەڵەم دەدرێت، لە بواری ڕۆژنامەگەریش لە ڕۆژنامەکانی (اقدام ، تان، سەربستی، فەرهنگ و شفق سرخ) نوسیوویەتی و ئیمتیازی گۆڤارەکانی (رسملی کتاب، کرد تعاون و ترقی غزتەسی و مصور محیط)ی هەبووە(سجادی، ١٩٥٢، ١٢؛ مالمسـانژ، ٢٠٠٧، ١٢١-١٢٦). لە بـواری کارگێریشـدا دوای تەواوکردنـی کـۆلێژی مـاف لە سـاڵی ١٩٠٩وە تـاوەکو گەڕانەوەی بـۆ سـلێمانی چەنـدان پۆستی کارگێری بەرزی لە دەوڵەتی عوسمانی پێدراوە، وەک: قایمقامیەتی (جۆلەمێرگ، قەرە مورسل، بالاوا، بیت شباب، گموش کۆی، ئەتەپازاری و ئاماسیە) (ژیان، ٢٠٠٢، ٣١).

هەرچۆنێک بێت ویستگەی ئەستانبۆڵ لە ژیانی پیرەمێرد ئەزموونێکی دەوڵەمەندی مەعریفی و ڕۆشنبیریی پێبەخشی و بوو بە ژێرخانێکی فیکری گرنگیش لە سەر کەسایەتی و چالاکییەکانی لە ڕۆژانی دواتر، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ٣٠ی کانونی دووەمی ١٩٢٥ دەگەڕێتەوە کوردستان(ژیانەوە، ١٩٢٥، ٤)و بۆمـاوەی (٢٥) سـاڵ خەریکـی کـارکردن دەبێـت لە پرۆسـەی بنیادنانی ناسیۆنالیزمی کوردی.

**- دووەم: ناسیۆنالیزمی کوردی و ڕۆڵی پیرەمێرد لە بنیادنانیدا.**

ناسـیۆنالیزمی کـوردی هاوشـێوەی ناسـیۆنالیزمی نەتەوەکـانی دیـکەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لە ئەنجـامی گۆڕانکـارییە سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و

ئابوری و کولتورییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگاکان نەهاتۆتە بوون، بەڵکو لە ڕێگای گواستنەوەی ئەو دیاردەیە لە وڵاتانی دەرەوە بۆ ناو سنوری دەوڵەتانی ناوچەکە ڕوویداوە، هاوکات ناسیۆنالیزمی کوردی بەراورد بە نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات درەنگتر دەگات و تاوەکو سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی سەرهەڵنادات ، کە ئەمەش خاڵێکی گرنگی ئەم بابەتەیە و شایانی هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوەی کورد لەم پرسە لە نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە جیادەکاتەوە لە قۆناغی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی لە ناوچەکە کورد خاوەن دەوڵەت نەبووە، بۆیە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی وەک نەتەوەکانی دیکە لە ژێر سایە و لە چوارچێوەی دەوڵەتدا نەبووە، بەڵکو لە بری ئەوەی دەوڵەت شوناسی سیاسی و نەتەوەییان پێدەبەخشێت و زیندووکردنەوەی کولتور ڕۆڵ و کاریگەری دەبێت لە بنیادنانی ناسیۆنالیزم، بە مانایەکی تر لەبەرئەوەی کورد دەوڵەتی نەبووە بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی، کوردبوون لە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت دروست نابێت، تاکە ڕێگایەک بۆ بەرهەمهێنان و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کارکردن بووە لە سەر کولتور(قانیع، ٢٠٠٥، ٩٧) .

وەک دەردەکەوێت هەنگاوەکانی (پیرەمێرد) بۆ بنیادنانی بیری نەتەوەیی لەم چوارچێوەیەدا خۆی بینیوەتەوە کە ئاماژەی بۆ کرا، هەر لەم گۆشەنیگایەوە کاری لە سەر ڕۆژنامە و زمان و بەشێکی زۆری ئەو ڕەگەزە کەلتورییانە کردووە کە ڕۆڵی گەورەیان لە دروستکردنی نەتەوە و پاراستنی شوناسەکەی هەیە، سەرەتای هەنگاوەکانی دوای گەڕانەوەی کارکردن بووە لە سەر یەکێک لە گرنگترین کۆڵەکەکانی دروستبوونی بیرکردنەوەی نەتەوەیی، ئەویش دەرکردنی ڕۆژنامە و ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەگەرییە، لە ڕاستیدا کارکردن و پەیوەست بوونی پیرەمێرد بە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەریی وەک دوو ڕووی دراو وابووە و لێک جیانەکراونەتەوە، ناوبراو سەرباری کارە ڕۆژنامەگەرییەکانی لە دەوڵەتی عوسمانی، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ باشوری کوردستان هەر لەڕێگا پێش گەیشتنەوەی بڕیاری خۆتەرخانکردنی بۆ کاری ڕۆژنامەگەریی داوە، چونکە بە گەورەترین خزمەتی نەتەوەیی

زانیوە(پیرەمێرد، ١٩٩٦، ١٧) .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت گرنگیدانی (پیرەمێرد) بۆ کاری ڕۆژنامەگەریی و دەرکردنی ڕۆژنامە لە دەرەوەی بیری نەتەوەییەوە نەبووە، بەڵکو لەم باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە، باشترین بەڵگەش بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە دێڕێک لە بیرەوەرییەکانی خۆیەتی: " لە پێش عمومی ئەو تەبەقەی ئێستای کوردەواریدا ماخولانی کوردایەتی و قەومیەت و وەتەنیەتم کەوتە کەللەوە لە ئەستەمبول نەعرەی وەتەنیم کێشا" (ژین، ژ٩٥٣، ١٩٤٩)، لە یادداشتەکانیشیدا بەمشێوەیە ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کردووە: "من ڕۆژنامەم بۆ پارە و مەنفەعەت دەرنەهێناوە" (پیرەمێرد، ١٩٩٦، ١٧) .

هەرچۆنێک بێت سەرەتای پەیوەندی (پیرەمێرد) بە کاری ڕۆژنامەگەری دوای گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی لە ئەیلولی ١٩٢٨ دەستپێکردووە، کاتێک وەک بەڕێوەبەری کارگێری چاپخانەی ڕۆژنامەی (ژیان) دەستنیشان کراوە و نزیکەی سێ ساڵ و نیو لەم کارەی بەردەوام دەبێت(کەریم، ٢٠١٥، ١٦٤)، دواتر و پاش ئەوەی (حوسێن نازم)[٦]ی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە لە سەرەتای مانگی مایسی ١٩٣٢ کۆچی دوایی دەکات، (پیرەمێرد) لە ٩-٥-١٩٣٢ دەبێتە بەڕێوەبەری چاپخانەکە و لێپرسراوی ڕۆژنامەی (ژیان) واتە لە ژمارە(٣٢١)ەوە ئەو ئەرکەی پێدەسپێردرێت(گەلاوێژ، ژ٨، ١٩٣٤، ١٢) .

سەرباری ئامانجە نەتەوەییەکانی، کارزانیی(پیرەمێرد) لە کاری ڕۆژنامەوانی بنەمایەکی گرنگ بوو تاوەکو زیاتر بخزێتە ناو بوارەکە و بە تێپەڕبوونی کات ئەرکی سەرشانی قورستر بێت، لەم چوارچێوەیەشدا و بۆ ئەوەی سەربەخۆییەکی تەواوی لە دەرکردنی ڕۆژنامەکە هەبێت و ئامانجە گەورەکە بپێکێت کە بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٣٤ چاپخانەکەی لە شارەوانی بە کرێ گرت و جیاوکی ڕۆژنامەکەشی بە ناوی خۆیەوە کرد، واتە لە ژمارە(٤٠٧)ەوە بوو بە خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە( امین، ٢٠٠٤، ٩-٢٣ ؛ کەریم، ٢٠١٥، ٤٢-٤٣). بەمشێوەیە لەم (ڕێککەوت)ە بە دواوە ئەگەر بە وردی سەیری ژمارەکانی

(ژیان) بکەین دەردەکەوێت بابەتەکانی ناو ڕۆژنامەکە مۆرکێکی فراوانتری نەتەوەیی و زیندوکردنەوەی مێژوو و زمان و کەلتوری کوردی بە خۆوە گرتووە.

لەڕاستیدا هەوڵەکانی (پیرەمێرد) بۆ بەردەوام بوونی ڕۆژنامەگەری کوردی کەم وێنەیە، ئەوەتا لە٣٠ی ئابی ١٩٣٧ دوای بڵاوکردنەوەی ژمارە(٥٣٨)، ڕۆژنامەی(ژیان) لە دەرچوون ڕادەگیرێت، ئەمەش دوای ئەوەی مۆڵەتی چاپخانەکە تەواو دەبێت و بۆی نوێ ناکەنەوە، لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی کاربەدەستانی عێراق لە شاری سلێمانی کە هۆکارەکەی ڕوون و ئاشکرا بوو، (پیرەمێرد) بێئومێد نەبووە و ڕووی لە بەغداد کردووە و چاپخانەیەکی کۆنی کڕیوە بۆ ئەمەش خانوەکەی خستۆتە (ڕەهن)ەوە و هێناویەتیەوە بۆ سلێمانی و لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٣٧ ژمارە(٥٣٩)ی ڕۆژنامەی(ژیان)ی پێ دەرکردووە(أمین، ٢٠٠٤، ٩-٢٣).

ڕژدبوونی (پیرەمێرد) لە سەر درێژەدان بە چالاکییە نەتەوەییەکانی، بەتایبەتی لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا، کاربەدەستانی عێراقی لە شاری سلێمانی تەواو نیگەران کردووە، بۆیە هەر جارەی بیانوویەکیان دروستکردووە بۆ وەستاندنی ناوبراو لە کار و چالاکییەکانی، لەم چوارچێوەیەشدا (مەجید یەعقوبی)[٧] موتەسەریفی سلێمانی (١٩٣٧-١٩٣٩) کە دژی بوونی ڕۆژنامەی کوردی بووە لە شاری سلێمانی، سکاڵای لە سەر (پیرەمێرد) تۆمارکرد و تاوانباری کردووە بەوەی ڕۆژنامەی (ژیان) دژایەتی حکومەتی عێراقی دەکات و بیروباوەڕی دژ بە بەرژەوەندییەکانی عێراق بڵاودەکاتەوە، هەروەها دانپێدانانێکی گرنگیشی خستۆتەڕوو کاتێک ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە : ئەو هۆنراوانەی لە ڕۆژنامەکە بڵاودەکرێتەوە نەتەوەیین و گیانی جیاوازخوازیی دەوروژێنێت (کەریم، ٢٠١٥، ٤-٤٩) ، لەم ڕوانگەیەوە لە ١٠ی ئازاری ١٩٣٨ دوای دەرچوونی ژمارە (٥٥٣) جیاوکی ڕۆژنامەی(ژیان) لە (پیرەمێرد) وەردەگرێتەوە و ڕۆژنامەکەش دادەخرێت (أمین، ٢٠٠٤، ٣٠-٤٢؛ ئەبوبەکر، ٢٠٠٧، ٢٣٣)، بەڵام ناوبراو ئەمجارەش سووردەبێت لە سەر کاری ڕۆژنامەگەریی و بۆ ئەمەش چووە بۆ شاری بەغداد و لە ڕێگای چەند

هاوڕێیەکی توانیویەتی جیاوکی ڕۆژنامەیەکی دیکە بە ناوی (ژین) وەربگرێت، شایانی باسە ژمارەی نوێ بۆ ڕۆژنامەی(ژین) دانەناوە، بەڵکو هەر لە سەر زنجیرەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی(ژیان) بەردەوام بووە و لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٣٩ یەکەم ژمارەی (ژین) بە ژمارە (٥٥٤) دەرچووە(کەریم، ٢٠١٥، ٤٨-٤٩) . بەمشێوەیە (پیرەمێرد) بۆ ماوەی (١١) ساڵیش لە دەرکردنی ڕۆژنامەی (ژین) بەردەوام بووە، تاوەکو دوا ژمارەی ڕۆژنامەکە (ژ- ١٠١٥) لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٥٠ – چوار ڕۆژ پێش مردنی - بڵاودەکاتەوە(ژیان، ٢٠٠٢، ٣١) .

دواجار جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت (پیرەمێرد) لە ڕێگای کار و چالاکییەکانی لە بواری ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەریی بە تایبەتی لە ئەستۆگرتن و بەڕێوەبردنی هەردوو ڕۆژنامەی (ژیان و ژین)، کە تێدا چەندان بابەت و باسی گرنگی لە سەر بوارەکانی (مێژوو، ئەدەب، کۆمەڵایەتی، فەلسەفە و زانست) بڵاوکردۆتەوە (ئاشنا،٢٠٠١، ٦٧-٦٩)، کاتێک بە وردی بابەتەکان دەخوێنیەوە تێدەگەیت ناوبراو چەند بە بەرنامە کاری لە سەر بنیادنانی ناسیۆنالیزمی کوردی کردووە، هەر لەم ڕێگایەوەش سەرکەوتوو بووە لە دروستکردنی بیرکردنەوەیەک گەورەتر لە بیرکردنەوەی خێڵ و عەشیرەت، بەمەش توانیویەتی بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا چوارچێوەی ئەو فەنتازیایە کۆبکاتەوە.

لەڕاستیدا هەوڵەکانی(پیرەمێرد) بۆ هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەکان لە ڕێگای ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری بەجۆرێک بووە، وەرگرتنی هەر پلە و پۆستێکی بیر بردۆتەوە، ئەم هەڵوێستەش ئەگەر بیروباوەڕێکی پتەوی لە دواوە نەبوو بێت هیچ شتێکی دیکە ناتوانێت بەردەوامی پێبدات، هەر خۆشی لە یادداشتەکانیدا ئاماژەیەکی لەم شێوەی بەم بابەتە داوە:"مەوقیعی حکومەتی عوسمانیم لەوانە بەرزتر بوو کە بوونە وەزیر، هیچ نەبێ من متصرفێک بووم کە بانگ کراینەوە عێراق، من لە متصرفییەوە بە ڕاکردن هاتمەوە، ئەو سایە لە کوردایەتیدا سەری گوێ ی خۆم ئەنگاوت لە ئەستەمبۆلدا غەزەتەی (کورد)م دەرهێنا... کە گەیشتمەوە کوردستان لە ڕێوە

خزمەتی خوێندەواری و ڕۆژنامەگەریم لە هەموو خزمەتێ بە پێشتر زانی، لە هەموو خولیایەک وازمهێنا، بیست و پێنج ساڵە غەزەتەی میللەتێک دەردێنم، گوناهە بڵێن (ژیان و ژین) گەنجینەی گەوهەری کوردی نین"( پیرەمێرد، ١٩٩٦، ١٦-١٧ ؛ هۆشیار، ٢٠٠٠، ٤٢).

یەکێکی دیکە لە ڕەگەزە گرنگ و کاریگەرەکانی بنیادنانی ناسیۆنالیزم و دروستکردنی نەتەوە هەر وەک لە تەوەرەی پێشوتر ئاماژەی پێدرا و (پیرەمێرد) کاری لەسەر کردووە (زمان)ە، سەرەتای هەنگاوەکانیشی لەم بوارەدا هەوڵدانیەتی دروستکردنی زمانێکی یەکگرتووە بۆ کورد، ئەمەش لەم گۆشەنیگایەی زمان بنچینەیەکی گرنگی کۆکردنەوەی ئەندامانی نەتەوەیە و لە ڕێگای زمانەوە تاک هەست بەبوون و کەسایەتی خۆی دەکات، ئەم هەوڵەی (پیرەمێرد) لە پێشنیارێک خۆی دەبینێتەوە لە سەردەمێکدا کردوویەتی کەم کەس لە گرنگی و بایەخی زمان تێگەیشتوونە، لە یادداشەکانیدا بەمشێوەیە باسی لەپێشنیارەکەی کردووە :(( ساڵی ١٩١٣ لە ئەستەمبۆڵ غەزەتەی کوردی دەرئەچوو من لە (جۆڵەمێرگ)ەوە، مەقالەیەکم بۆ نارد بوون و تەکلیفم لە جەمعیەتی کورد کرد بوو کە لە هەر دیارێکی کوردستانەوە زبانزانێک بانگ بکەنە پایتەخت و زبانێک بۆ عمومی کورد هەڵبژێرین بە فەرهەنگ و دەستوور هەتا مەسروفاتی لە چاپدانیشم گرتبووە ئەستۆی خۆم، کەس گوێ ی نەدایە! ئێستا هەر کەسە بە هەوەسی خۆی شێوەیەک دێنێتە کارەوە، وایان شێواندووە بەم بەستەزبانی و بێ ژیانییەوە وچەلاقێک لێبدەین؟ بۆ چ کوردستان تەنها ئەم هۆمەرە کوێرەیە؟! بۆ چ کوردستانی گەورە لە زبانمان نەگا؟!)) (پیرەمێرد، ١٩٩٦، ١٨؛ ژین، ژ٦٧٩، ١٩٤٢) .

وەک دەردەکەوێت هەوڵەکانی(پیرەمێرد) لە بایەخدان بە زمانی کوردی تەنیا بنیادنانی زمانێکی یەکگرتووی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لە زۆر بواری دیکەدا هەنگاوی کرداری ناوە، ئەوەتا لە سەردەمێکدا کە نووسینی کوردی پڕ بووە لە وشەی عەرەبی و فارسی، ناوبراو بە دوای وشەی کوردی بەکارنەهاتوو گەڕاوە و خستۆتیە بەرچاو، بۆ ئەمەش لە گوند و دێهاتەکانی کوردستان گەڕاوە و لە زاری کەسانی بە تەمەن وشەی کوردی ڕەسەنی وەرگرتووە، بە

تایبەتی ئەو وشە و زاراوانەی مۆرکی کوردەواری خۆیان پاراستبوو(کەریم، ٢٠١٥، ٩٥). بە بۆچوونی ئێمە سەرچاوەی ئەم هەوڵ و هەنگاوانەی پیرەمێرد بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی و پاککردنەوەی لە وشەی بێگانە بێجگە لە گیانی نەتەوەیی شتێکی دیکە نییە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و بە هەمان ئامانج هەوڵێکی زۆری داوە زاراوە و وشەی تازە بهێنێتە ناو فەرهەنگ و زمانی کوردی، لەم بوارەشدا چەندان وشە و زاراوەی نوێی داهێناوە، وەک: ئافراندن، بوارپێدان، بەشدار، پەخشان، پەروەردە، پیاسە، پیت، تراژیدی، تەندروستی، جوانکاری، زانین، سروشت، سەرستوون، سەرەتا، کارخانە، کرێکار، کەمتەرخەمی، لق، منداڵخانە، وەرگێران، سوتەمەنی، نوسیار و چەندانی تر(ئەبوبەکر، ٢٠٠٩، ٢٢٢-٢٢٣).

سەرباری هەموو ئەوانە (پیرەمێرد) تەنیا لە ڕۆژنامەکانی ژیان و ژین (٣٨) بابەتی لە سەر زمان و زمانی کوردی نووسیوە(ژیان، ٢٠٠٢، ٩)، هەموو ئەو کار و چالاکییانەی لەو گۆشەنیگایەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پێشخستنی زمان و خزمەتکردنی فاکتەرێکی یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی بۆچوونی هاوبەش لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگادا، دواتر و بە تێپەڕبوونی کات ئەم پرۆسەیە هۆشیاری نەتەوەیی بەرهەم دێنێت، کە ئەمەش ئامانجی گەورەی (پیرەمێرد) بوو.

کەلتور یەکێکی دیکەیە لەو ڕەگەزانەی ڕۆڵی کاریگەری لە بەرەو پێشبردنی بیری نەتەوەیی هەیە، ئەمەش وەک پێشووتر ئاماژەی پێکرا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کارکردن لە سەر زیندووکردنەوەی کەلتور لە دوو لایەنەوە پرسی نەتەوەیی بەرەو پێش دەبات، لە یەکەمیاندا جیاوازییەکانی نەتەوە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە دەردەخات، لە دووەمیشیاندا هەڵگری پاراستنی یەکێتی و یەکگرتوویی نەتەوەیە لە ناوخۆیدا. وەک دەردەکەوێت (پیرەمێرد) ئاگاداری ئەوە بووە دروستکردنی بیری نەتەوەیی تەنیا لە ڕێگای ڕۆژنامەگەرییەوە کارێکی قورسە و ئامانجەکە بە تەواوی ناپێکێت بەتایبەتی لە ناو کۆمەڵگایەک کە ڕێژەی نەخوێندەواری تێدا بەرز بێت، بۆیە هاوشانی ڕۆژنامەگەری کاری لە سەر زیندووکردنەوەی کۆمەڵێک سیمبوڵ و کەش و

ئەفسانەی نەتەوەیی کردووە کە دەچنە چوارچێوەی کولتورەوە، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە و یەکێک لەو بابەتانەی ناوبراو کاری لە سەر کرد زیندووکردنەوەی مێژووی نەتەوە بوو بەتایبەتی(نەورۆز) کە کردی بە سەرچاوەیەکی گرنگی ئەم کارکردنە، بۆ ئەمەش زۆر بە وردی هەوڵیداوە (نەورۆز) وەک کەشێکی کۆمەڵایەتی و ئاگرەکەی وەک سیمبوڵێکی ئایینی بارگاویکراو بە مۆرکی نەتەوەیی بخاتەڕوو، چیرۆکی (کاوەی ئاسنگەر)یش وەک چیرۆکی سەرکەوتنی خەباتی چەوساوە دژ بە چەوسێنەر بەرهەم بهێنێتەوە(قانیع، ٢٠٠٥، ٧٠) .

هەر چۆنێک بێت (پیرەمێرد) دوای گەڕانەوەی لە تورکیا، هەوڵیدا ئەو جەژنە نەتەوەییە ببوژێنێتەوە و بەشێکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگا لە چواردەوری ئاگرەکەی کۆبکاتەوە، بۆ ئەمەش هەر ساڵە و بە جۆرێک ئاهەنگی(نەورۆز)ی لە گردی مامەیارە یاخود کارێزی وەستا شەریف گێڕاوە، بۆ نمونە چەند ڕۆژێک پێش (نەورۆز)ی ساڵی ١٩٣٥ بەمشێوەیە یادکردنەوەی بۆنەکەی ڕاگەیاندووە:" خوا یار بێت شەوی هەینی ٢١ی ئادار لەسەر گردی(یارە) ئاگری نەورۆز دەکەینەوە" (ژیان، ژ٤٣٣، ١٩٣٥، ٤) .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت ڕۆڵی (پیرەمێرد) بە ئاڕاستەی بنیادنانی ناسیۆنالیزم بەبێ کێشە تێنەپەڕیوە، بەڵکو لە چەند لایەنێکی جیاوازەوە دژایەتی کراوە و هەوڵی بێهیواکردن و ڕاگرتنی لەم هەنگاوانەی دراوە، یەکێک لەو لایەنانەی دژایەتیان کردووە کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی بوونە لە شاری سلێمانی بە تایبەتی موتەسەریفەکان، ئەمانە بە کردار ڕێگریان لێکردووە و کۆسپی گەورەیان خستۆتە بەردەم چالاکییەکانی، بۆ نمونە (مەجید یەعقوبی) کە موتەسەریفی سلێمانی بووە و تورکمانێکی نەتەوەپەرست بووە دژایەتیەکی زۆری کار و چالاکیەکانی (پیرەمێرد)ی کردووە، بۆ ئەمەش بە چەند جموجۆڵێک تاوانباری کردووە، وەک: کردنەوەی ئاگری نەورۆز مەبەستی سیاسی لە پشتەوەیە، هەروەها هاندانی لاوان بۆ یاخیبوون و بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی، دواجار لە ساڵی ١٩٣٨بە بیانووی ئەو تاوانانە یادکردنەوەی نەورۆز و کردنەوەی ئاگری قەدەغە کرد،

بە هەمان شێوە (حاجی ڕەمەزان) کە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠ - ١٩٤١ بوو بە موتەسەریفی سلێمانی شوێنپێی (مەجید یەعقوبی) گرت و ڕێگای نەدا ساڵی ١٩٤٠ ئاگری نەورۆز بکرێتەوە(کەریم، ٢٠١٥، ١٨٧- ١٩٠) .

شایانی ئاماژە بۆ کردنە هاوکات لەگەڵ ڕێگرییەکانی کاربەدەستانی حکومەتی عێراق، بەشێک لە خەڵکی شاری سلێمانیش دژی هەوڵەکانی (پیرەمێرد) وەستانەوە، هەندێک لەوان پڕوپاگەندەیان بڵاودەکردەوە گوایە ناوبراو بە پارەی ئینگلیز ئەو بۆنە و ئاگری نەورۆز دەکاتەوە، وەک دەردەکەوێت ئەم پڕوپاگەندانە بۆ (پیرەمێرد) زۆر بە ئازارتر بووە لە ڕێگرییەکانی حکومەتی عێراقی، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم زانیاریەش نوسینێکی خۆی وەک بەڵگەیەک دەخەینەڕوو کە بەمشێوەیە ئاماژەی بۆ کردووە:" ئەمە لە کفری ئاتەشپەرستی کفرترە، ئینگلیز چ دەخلێکی بە نەورۆزەوە هەیە، یاخود من کەی لە خوانی ئینگلیز نیعمەت خۆر بووم؟ هەموو ساڵێک هەر چیم دەست دەکەوت ئەمکردە سەیرانی نەورۆز کە تا ئێستا کەس ئەوەی نەکردووە، ئەمە ناو و شورەتێکی کوردەواری بوو بە هیچ وازم نەهێنا، تاوەکو پار هەندێ بێناموس و زۆڵ وتیان (حاجی تۆفیق) نەورۆز بۆ ئینگلیز دەکات، ئێمە نایەڵین ئەو بیکاتەوە خۆمان دەیکەین، پارەیەکی زۆریان کۆکردەوە، نیوەیان خوارد و پەکی سەیرانەکەی منیشیان خست" (پیرەمێرد، ١٩٩٦، ٢٨) .

بەشێکی دیکە لەوانەی دژایەتیان دەکرد پیاوانی ئایینی شارەکە بوون، ئەمانە بەوە تاوانباریان کردووە، گوایە ئەم ئاگرکردنەوەیە بە مانای ئاگرپەرستی دێت، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم تاوانەش بە نووسینێک وەڵامی داونەتەوە کە تێدا هاتووە:" ئاگرێک من خۆم بیکەمەوە و بیکوژێنمەوە، بمسوتێنێت و زەرەرم لێبدات چۆن دەیپەرستم، بەڵکو ئەو ئاگرە مانای ئەوەیە ئەم ساڵە بە شوعلە و نورێکی ئیلاهی ڕێگامان ڕوونبکاتەوە" (ژین، ژ٥٦٠، ١٩٣٩، ١) .

لە ڕاستیدا هەموو ئەم کۆسپ و کێشانە نەیانتوانیوە ویستی(پیرەمێرد) لە بەرەو پێشبردنی ئەو ئاڕاستە نەتەوەییە تێک بشکێنن، ئەوەتا لە ساڵانی دواتر

بەردەوام بووە لە سەر دروستکردنی ئەو کەشە نەتەوەییە، هەر ئەم ویستە گەورەیە وایکردووە لە ساڵی ١٩٤٨ دیارترین هۆنراوە بە ناوی(نەورۆز) بۆ ئەم یادە بنووسێت، کە تاوەکو ئەمڕۆش هیچ هۆنراوەیەک نەیتوانیوە شوێنی بگرێتەوە.

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە(کەریم، ٢٠١٥، ١٩٢-١٩٩).

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە بۆ تێگەیشتن لەوەی ئامانجی سەرەکی (پیرەمێرد) لە دروستکردنی ئەو کەشە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییە لە یادکردنەوەی نەورۆزدا بنیادنانی بیری نەتەوەیی بووە و هەوڵیداوە ببێتە نەریتێکی کۆمەڵایەتی و ئەو هەستە لە ناخی هەموو تاکێکی کورد جێگیر بێت، دەگەڕێینەوە بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ کاتێک بۆنەکە لە ئامادەیی کوڕان لەلایەن قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان بەڕێوەدەچێت، (پیرەمێرد) ئامادە دەبێت و زۆر خۆشحاڵیش دەبێت، ئەمەش بە هاتنەدی بەشێک لە خەون و ئامانجەکانی لە قەڵەم دەدات(ژین، ژ٨٢٠، ١٩٤٧).

بەم شێوەیە ڕابردوو لای (پیرەمێرد)بووە بە سەرچاوەی بەخشینی وزە بە نەوەی تازە، چونکە بە تێڕوانینی ناسیۆنالیزمانە ڕابردوو بریتیە لە مێژوویەکی ئازایانە، بۆ ئەمەش ناوبراو مانا قووڵەکانی ئەم تێڕوانینەی لە چیرۆکەکانی (دوازدە سوارەی مەریوان) و (کاوەی ئاسنگەر) خستۆتەڕوو.

لە ڕاستیدا ڕۆڵ و کاریگەری (پیرەمێرد) لە مێژووی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی کوردیدا لەوەدایە کە نەتەوەبوونی لە نووسینەوە وەرگێڕاوەتە سەر کۆمەڵێک بۆنە و سیمبوڵ و کەشی تایبەتی، بەر لە (پیرەمێرد) نەتەوە لە ژیانی کۆمەڵگای کوردیدا لە چوارچێوەی بیرۆکە و نوسین تێپەڕنەببوو، بەڵام ناوبراو دەیهێنێتە ناو واقیع و دەیکات بە ژمارەیەک بۆنە و یادکردنەوە(قانیع، ٢٠٠٥، ٧٠) .

یەکێکی دیکە لەم هەنگاوانەی (پیرەمێرد) لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە ئەنجامیداوە، بە نەتەوەییکردنی بەشێک لە چەمکە مێژووییەکانە، ناوبراو یەکەم کەسە لە ناو کورد چەمکی (شەهید) تەنیا بۆ قوربانیدان لە

پێناو خودا و ئایینەوە بە کارناهێنێت بەڵکو بەو قوربانیانەشی دەبەخشێت کە لە پێناو نەتەوە و نیشتمان گیانیان دەبەخشن، ئەمەش بە ڕوونی لە نوسین و تەنانەت هۆنراوەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، جێگای سەرنجە لە قۆناغەکانی پێشوتر بە تایبەتی سەدەی نۆزدەم هەموو ئەو کوردانەی لە کاتی بەرگریکردن بەرامبەر هێرشەکانی بێگانە بۆ سەر کوردستان کوژراون لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە (شەهید) لە قەڵەم نەدراون(قانیع، ٢٠٠٥، ٦٥) .

هەوڵێکی دیکەی (پیرەمێرد) لەم پێناوەدا گرنگدانە بە پرسی خوێندەواری، لەبەرئەوەی ئەم پرسە ڕۆڵی کاریگەری لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا هەیە، ناوبراویش ئەو تێگەیشتنەی هەبووە بۆیە لە ساڵی ١٩٢٦ قوتابخانەی زانستی لە شاری سلێمانی دەکاتەوە کە یەکەم هەنگاوە لە سەر ئاستی باشووری کوردستان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئامانجی سەرەکی کردنەوەی ئەو قوتابخانەیە لەلایەن (پیرەمێرد)ەوە هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد بووە بە تایبەتی لە ڕووی نەتەوەییەوە، هەر ئەو هۆکارەش بوو کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی لە شاری سلێمانی نیگەران کرد و دواجار لە ساڵی ١٩٣٨ بڕیاری داخستنی دەدەن (کەریم، ٢٠١٥، ٤٤-٤٨) .

## ئەنجام

١- بنیادنانی ناسیۆنالیزم لە بنچینەدا پڕۆژەیەکی گەورەیە و بە دیهێنانی پێویستی بە ڕۆڵی دامودەزگا و کاری بە کۆمەڵە، بەڵام (تاک)یش دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت و کاریگەری هەبێت لە پێشخستنی پڕۆسەکە.

٢- پڕۆسەی دروستبوونی نەتەوە پەیوەستە بە کارکردن لە سەر هەموو ئەو بنەمایانەی ڕۆح بە بەر نەتەوە دەکەنەوە، وەک: پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، گرنگیدان بە کولتور، زمان و ڕاگەیاندن(ڕۆژنامە) .

٣- کورد بە هۆکاری ئەوەی خاوەنی دەوڵەت نەبووە و دامودەزگاکانی دەوڵەت ڕۆڵیان لە دروستکردنی نەتەوەدا نەبووە، کولتور بووە بە باشترین جێگرەوە ئەم ئەرکە لە خۆبگرێت.

٤- هەوڵەکانی (پیرەمێرد) بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و جێگیرکردنی بنەماکانی ناسیۆنالیزم لە ناو کۆمەڵگای کوردی تا ڕادەیەک کاریگەری هەبوو، بەڵام لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی (پیرەمێرد) نەبوو.

٥- ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری و ئاستی ناهۆشیاری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی کە لە چوارچێوەی سیستەمی خێڵەکی – ناوچەییدا بوو، کۆسپی گەورە بوون لە بەردەم گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی، بە تایبەتی لەبەردەم هەوڵەکانی پیرەمێرددا.

٦- کار و چالاکییەکانی پیرەمێرد لە بایەخدان بە بنەماکانی دروستبوونی نەتەوە ڕەنگدانەوە بە سەر کۆمەڵگای کوردی هەبووە، بەڵام پڕۆسەیەکی لە سەرخۆ بووە و قۆناغ بە قۆناغ کاریگەرییەکانی دەرکەوتووە.

**پەراوێزەکان:**

١- ئەرنست گێلنەر فەیلەسوفێکی بەریتانی- چیکیە، ساڵی ١٩٢٥ لە شاری پاریس لە فەرەنسا لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٩٥ لە شاری براغ کۆچی دوایی کردووە، چەندین بابەتی لە سەر پرسی ناسیۆنالیزم و نەتەوە نوسیوە. Wiki. Httpps://ar.wikipedia.org أرنست جلنر.

٢- بینیدیکت ریتشارد ئەندرسون لە ساڵی ١٩٣٦ لە شاری (کونمینگ)ی چینی لە باوکێکی ئینگلیز و دایکێکی ئیرلەندی لە دایک بووە، مێژوونوس و مامۆستای زانستە سیاسیەکان بووە، ساڵی ١٩٨٣ ناوبانگی دەرکرد دوای ئەوەی کتێبێکی بە ناوی (الجماعات المتخيلة—Imagined Communities) نوسی کە تێدا باس لە ڕەگ و ڕیشەی نەتەوە دەکات، ساڵی ٢٠١٥ کۆچی دوایی کردووە.. Wiki. Httpps://ar.wikipedia.org بندیکت أندرسون.

٣- شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەدە بچکۆلەی کوڕی کاکەئەحمەدی شێخە و باوکی شێخ مەحمودە، پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هەبووە، هەر لە سەر بانگێشتی ئەو لە ساڵی ١٨٩٨ چووە بۆ ئەستانبول، ساڵی ١٩٠٩ لە شاری موسڵ لە ڕووداوێکدا کوژراوە کە گومان لە ئیتحادیەکان دەکرێت ئەم کارەیان ئەنجامدا بێت(حەفید، ٢٠٠٦، ٢١-٢٦) .

٤- بەشێک لە سەرچاوەکان ماوەی مانەوەی (پیرەمێرد)یان لە دەوڵەتی عوسمانی و تورکیا بە هەڵە لێکداوەتەوە، بۆ نمونە ڕۆژنامەی(ژیانەوە) لە ژ(١٤)ی شوباتی ١٩٢٥ ماوەکەی بە (٢٣) ساڵ لە قەڵەم داوە، (مەریوان وریا قانیع)یش لە کتێبی (ناسیۆنالیزم و سەفەر) لە لاپەڕە (٧٠) ماوەکەی بە (٢٥) ساڵ داناوە. لە ڕاستیدا ماوەی مانەوەی (پیرەمێرد) لە دەوڵەتی عوسمانی و تورکیا (٢٧) ساڵ بووە، بەو پێیەی لە ساڵی ١٨٩٨ ڕۆیشتوە و لە ساڵی ١٩٢٥ گەڕاوەتەوە (ژیانەوە، ١٩٢٥، ٤ ؛ قانیع،٢٠٠٥، ٧١).

٥- کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد بە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی ئاشکرای کورد لە قەڵەم دەدرێت، لە دوای کودەتای ئیتحادییەکان لە ١٩ی ئەیلولی ١٩٠٨ لە ئەستانبول دامەزراوە، دەستەی دامەزرێنەرانی بریتی بوونە لە ئەمین عالی بەدرخان، شەریف پاشا، شێخ عەبدولقادری شەمزینی، خەلیل خەیاڵی و شوکری محەمەد سەگبان، لە تەموزی ١٩٠٩ لەلایەن دەسەڵاتی ئیتحادییەکانەوە بڕیاری داخستنی کۆمەڵە و لقەکانی دراوە(مالمیسانژ ،٢٠٠٧، ٦٢ -٨١) .

٦- حوسێن نازم کوڕی عەبدولفەتاحی خەیاتباشی کوڕی ئەحمەدە، ساڵی ١٨٧٢ لە گەڕەکی گوێژە لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، قوتابخانەی ڕوشدییەی سەرەتای لە سلێمانی تەواو کردووە، لە سەردەمی حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانی چەند پۆستێکی بینیوە، وەک: کاتبی دادگا، باجگر، بەڕێوەبەری شارەدێ و قائمقام، بەرپرسی (سێ) ژمارەی ڕۆژنامەی(امید استقلال) بووە، ساڵی ١٩٢٤ چۆتەوە تورکیا و تاوەکو ساڵی ١٩٣٠ ماوەتەوە، لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ بووە بە سەرنووسەر و بەرپرسی چاپخانەی ڕۆژنامەی(ژیان)، شەوی ٥-٦ی مایسی ١٩٣٢ کۆچی دوایی کردووە(نەمر، ٢٠٠١، ٤٢) .

٧- عەبولمەجید کوڕی عومەر کوڕی ئەحمەد یەعقوبیە، بە ڕەچەڵەک سەر بە بنەماڵەیەکی تورکمانی کەرکوکە، لە ساڵی ١٨٨٢ هەر لەو شارە لە دایک بووە، ساڵی ١٩١٨ کراوە بە سەرۆکی شارەوانی لە کەرکوک، لە ساڵی ١٩٢٤ بووە بە موتەسەریفی کەرکوک، لە ساڵی ١٩٢٧یش کراوە بە موتەسەریفی هەولێر، لە ساڵانی نێوان ١٩٣٧ – ١٩٣٩ موتەسەریفی سلێمانی بووە( بانوراما، ٢٠٠٨) .

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێب.**

**أ- کوردییەکان:**

- ئاشنا، ئومێد (٢٠٠١)، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانیدا، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- امین، نوشیروان مصطفی(٢٠٠٤) ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی(١٩٣٨- ١٩٥٨)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- پیرەمێرد، یادداشتەکانی(١٩٩٦) ، ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا، سلێمانی.
- حەفید، یادنامەی شێخ مەحموود(٢٠٠٦)، بنکەی ژین، سلێمانی.
- حسەین، هەڤاڵ ئەبوبەکر(٢٠٠٧)، چەشنە ئەدەب و ڕۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژیندا ١٩٣٢- ١٩٥٩، چاپخانەی شیڤان، سلێمانی.
- سجادی، عەلادین(١٩٥٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، بغداد.
- شەریف، هیوا حەمید(٢٠٢٠)، کوردە عەلەوییەکانی باکوری کوردستان ١٩٠٨- ١٩٣٨، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.
- عەلی، جەعفەر(٢٠٠٤)، ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- قانیع، مەریوان وریا(٢٠٠٥)، ناسیۆنالیزم و سەفەر: کورد لە دیاسپۆرا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- کەریم، مستەفا ساڵح(٢٠١٥)، باخێک لە وشە: گەشتێک بە ژیاننامەی پڕ شکۆی پیرەمێرد، چاپی دووەم، تاران.
- مالمیسانژ(٢٠٠٧)، جەمعیەنی تەعاون و تەرەقی کورد و ڕۆژنامەکەی، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی کوردی، سلێمانی.
- هۆشیار، فایق و ئەوانی دیکە(٢٠٠٠)، دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی.
- نەمر، سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی(١٩٢٣- ١٩٢٤)(٢٠٠١)، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، سلێمانی.

**ب : عەرببیەکان.**

- أحمد، عبدالكريم(١٩٧٠)، القومية و المذاهب السياسية، المطبعة الثقافية، القاهرة.
- أندرسن، بندكت(٢٠٠٩)، الجماعات المتخيلة: تأملات فی أصل القومية و انتشارها،

ت: ثائر ديب، المركز العربي للابحاث و دراسة، بيروت.
- شيفر، بويد(١٩٩٦)، القومية( عرض و تحليل)، ت: جعفر خصباک و عدنان الحميري، دار المكتبة الحياة، بغداد – نيويورک.
- طرابيشي، جورج(١٩٨٢)، الدولة القطرية و النظرية القومية،ط١،دار الطليعة، بيروت.
- ظاهر، د.أحمد جمال(١٩٨٨)، دراسات في الفلسفة السياسية،ط١، دار و المكتبة الكندي، أربد.
- هوبسباوم، أريک(١٩٩٩)، الامم و النزعة القومية منذ عام ١٨٧٠، ت: عدنان حسن،ط١، دار المدى، دمشق.

**دووەم: ڕۆژنامەکان:**

- ڕۆژنامەی(ژیانەوە)(١٩٢٥)، ژ(١٤)، سلێمانی.
- ڕۆژنامەی(ژیان)(١٩٣٥)، ژ(٤٣٣)، سلێمانی.
- ڕۆژنامەی(ژین)(١٩٣٩)، ژ(٥٦٠)، سلێمانی.
- ڕۆژنامەی(ژین)(١٩٤٢)، ژ(٦٧٩)، سلێمانی.
- ڕۆژنامەی(ژین)( ١٩٤٣)، ژ(٧٢٣)، سلێمانی)
- ڕۆژنامەی(ژین)( ١٩٤٩)، ژ(٩٥٣)، سلێمانی.
- ڕۆژنامەی(گەلاوێژ)( ١٩٤٣)، ژ(٨)، بەغداد.
- ڕۆژنامەی ژیان(٢٠٠٢)،ژ( ١ – ٨١)، یەکەم بەرگ، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، دەزگای پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر ١٩٢٣- ١٩٢٤ (٢٠٠١)، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، سلێمانی.

**سێیەم: ئەنتەرنێت.**

- أرنست جلنر. Wiki. Httpps://ar.wikipedia.org .
- بنديكت أندرسون. Wiki. Httpps://ar.wikipedia.org

## خلاصة

القومية من أبرز الاتجاهات السياسية في التاريخ التي كان لها تأثير كبير في تقرير مصير الأمم، خاصة فى التاريخ الحديث و المعااصر. هذه الحركة، بالرغم ان وسيلة للحفاظ على هوية و وجود الأمم، كان عاملا مهما في إنشاء بعض الدول الحديثة أيضا. وبسبب حرمانهم من كيان سياسي، فلا يوجد أية أمة بقدر الكرد حاجة لبناء القومية، و ذلک من أجل ان يتعامل مع قضاياها السياسية تعاملا قوميا، لهذا السبب كان العمل على مبادئ القومية هو الاتجاه الصحيح لتحقيق هذا الهدف.

(پيرەمێرد) هو أحد أبرز الشخصيات الكردية التي بذلت جهودا كبيرة في النصف الأول من القرن العشرين لتحقيق هذه المبادئ، يعتبر هذا البحث محاولة لعرض دوره و أنشطته في هذا المجال و التعرف على خطواته والتحديات التي واجهها في هذا السياق، يعتمد البحث على أسلوب جمع المعلومات من المصادر و عرضها، ثم حاول من خلال المقارنة مستوى تأثير جهود و خطوات (پيرەمێرد) على أفراد المجتمع و التغيرات في طريقة تفكيرهم.

تتكون البحث من مقدمة و مبحثين و استنتاج، المبحث الأول بعنوان : مبادئ بناء القومية، مخصصة لمناقشة المبادئ التي تلعب دورا رئيسيا في هذه العملية. أما المبحث الثاني بعنوان: دور (پيرەمێرد) في بناء القومية الكردية، فقد خصصت لعرض كافة الأعمال و الأنشطة التي قام بها في مجالات الصحافة و إحياء الثقافة و توحيد اللغة الكردية.


**الكلمات الدالة:** القومية، الصحافة، اللغة، الثقافة، الامة

## Abstract

Nationalism is one of the most prominent politicaltrends in history that had a great influence in determining the fate of nations, especially in modern and contemporary history,This movement although a means of preserving the identity and existence of nations, was also an important factor in the establishment of some new states Because they do not have a political entity,no nation as much as the Kurds needed to build nationalism in order to deal with its political issues in a national manner. For this reason, working on the principles of nationalism was the right direction to achievethis goal.(Permerd) is one of the most prominent Kurdish personalities who made great efforts in the first half of the twentieth century to achieve these principles, This research is an attempt to present his role and activities in this field and to identify his steps and the challenges he faced in this context,The research depends on the method of collecting information from the sources and presenting it, and then tries, through the use of comparative methods, to present the level of influence of the efforts of (Peramerd) on the members of society and the changes in their way of thinking.The research consists of an introduction, two topics and a conclusion. The first topic is entitled: Principles of Building Nationalism, dedicated to discussing the principles that play a major role in this process. As for the second topic, entitled: The role of (Permerd) in building Kurdish nationalism, it was devoted to presenting all the works and activities that he carried out in the fields of journalism, reviving culture, and unifying the Kurdish language.


**Keyword**; Nationalism, Journalism, Language, Culture, Nation